# پارتی سەوزەکان و حزبی ناوەند بەشی 5

ئەگەر سوسیال دێموکراتەکانی ئاڵمان زیاتر لە 140 ساڵ مێژوویان هەبێ، سەوزەکانی ئاڵمان ماوەی 25 ساڵە بوونیان هەیە و خۆیان بە پارتێکی پێشڕەو و نوێ دەزانن کە سەرنج دەداتە سەر ژینگە و ئاشتی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و ئازادییەکانی تاکە کەسی و گروپی. هەرچەند لە باری تەشکیلاتیەوە جیاوازیی لە نیوان ئەو دوو حزبەدا هەیە بۆ وێنە ئەوان بە جێگای یەک سەرۆک و بەرپرس دوو کەسیان هەیە کە ژنێک و پیاوێکن، هەموو ئۆرگانەکان و ژمارەی ئەندامانی ئەو ئۆرگانانە کەمتر لە سوسیال دێموکراتەکانن، بەو حاڵە جیاوازی بنەڕەتی نییە و هەمان دێموکراسی کە سوسیال دێموکراتەکان لە ژیانی حزبیاندا باوەڕیان پێی هەیە، ئەوانیش بە شێوە و فۆرمی تەشکیلاتی خۆیان ئەو دێموکراسییە رئالیزە دەکەن.
سەوزەکان و ئەندامان و بەرپرسانیان زۆرتر بەلای ژناندا دەشکێتەوە و جگە لە پۆستەکانی حزبی، شورایەکی ژنان لە ناو حزبدا هەیە، ئەو شورایە سیاسەتی تایبەت بە ژنان دادەڕێژێ و دیگەیێنێتە ئۆرگانەکانی حزب و فراکسیۆنی سەوزەکان لە پارلەمان.

هەروەک دەبیندرێ تەشکیلات و سیاسەتی تەشکیلاتی تابعێکە لە بەرنامە و پلانی سیاسی و بیروبۆچوون و بگرە ئیدئۆلۆژوی حزبەکە، هەروەها حزب دەزگایەکە بۆ ڕەنگدانەوەی مەسەلەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری هەر وڵات و هەر ناوچەیەک. هەر لە سەر ئەو بنیادە فکری و سیاسیە ئورگان و فۆرمی تایبەتی تەشکیلاتی پێک دەهێندرێ، هەر فۆرمێکی تەشکیلاتی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلە یان مەسەلەکان پێک دین و جیا لەوە تەشکیلات دروستکردن مانای نییە.
لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە بە قووڵی باس لە تەشکیلاتی حزبەکانی ئاڵمان یان وولاتێکی تر بکرێ، مەبەست ئەوەیە زانیاری پێویست بۆ ئێمەی کورد هەبێت بۆ ئەوەی حزبەکانی خۆمان و سیستمی تەشکیلاتیان هەڵسەنگێنین، بۆ ئەوەی بەراوەردێک بکرێ لە نێوان خۆمان و ئەو حزبانە بۆ ئەوەی تەشکیلاتمان بۆ بەرژەوەندی خەڵک و نیشتمانەکەمان بەکار بێنین، بۆ ئەوەی ژیانی حزبی لە سەر بنەمای ڕێزگرتن لە بیروباوەڕی هاوقەتارەکانمان بێ، نەک ئەوەی قانوون و دەستەڵات و حزب بۆ سەرکوتکردن و وەدەرنانی هاوسەنگەرەکانی خۆمان بەکار بێنین. حزبێک کە توانای ئەوەی نەبێ دێموکراسی لە ناو خویدا پێک بهێنێ، هیچ کات ناتوانێ دموکراسی بۆ خەڵک دابین بکات، هیچ کات ناتوانێ خەڵک بەرەو ئازادی بەرێت. باسکردن لە سیستمی تەشکیلاتی حزبەکانی ڕۆژئاواش بۆ ئەوە نییە کۆپی فکر و سیاسەت و تەشکیلاتیان بکەین. بە هیچ لەوجێک مەبەست ئەوە نییە، مەبەست ئەوەیە بزانین و تێبگەین کە وڵاتی ئێمە چ چەشنە تەشکیلاتێکی پێویستە. هەر وەک چۆن تەشکیلاتەکانی وڵاتێکی یەک نەتەوەیی وەک ئاڵمان سەتا وسەت وەک یەک نین، لای ئێمەش تەشکیلاتەکان دەتوانن جیاواز بن، بەڵام دەبێ ئەوە بیری سەرەکی بێت کە حزب کەرسەیە و مالی **ئەبەدی و کورسی هەمیشەیی** هیچ کەسێک نییە و حزب و دەزگا و ئورگانەکانی دەبێ ڕەنگدانەوەی سروشتی زیندووی پێکهاتەکانی حزبەکە بێ.

**حزبی ناوەند**

ئەو حزبە خۆی بە کۆنترین حزبی ئاڵمان دەزانێ و ئاوا خۆی پێناسە دەکات: پێناسە و کەسایەتی حزبی ناوەند لە سەر بیری ئایینی مەسیحی و بایخەکانی کۆمەڵایەتی مەسیح بۆ خەڵک و کۆمەڵگا و نەزمی ئیداری حکومەتی وەردەگیرێ.
لە بەشێکی دیکەدا هاتووە: ویستەکانی سەرەکی حزبی ناوەند لە ژیانی پڕلەخۆشی خەڵک و ئازادی تاکە کەس و بەرپرسایەتی لە بەرانبەر خودا و ئینساندا گردوکۆ دکرێتەوە. هەروەها حزبی ناوەند پشتگیری بنەماڵە و ژن و مێرد دەکات و لایەنگری لە ئینسانی عاجز و بێ دەرەتان دەکات و هۆگری عەداڵەتی ئابوری و نەزمی کۆمەڵایەتییە.
حزبی ناوەند لە درێژەی بەرنامەکەیدا دەنووسێ: ڕاست لە بەر ئەوەی ئێمە حزبێکی مەسیحین داوا دەکەین رێز لە ئایین بگیرێ و لە پێش هەمووی ئەوانە، داوا دەکەین سەرنج بدرێتە سەر باوەڕی ئێمەی مەسیحی. ئێمە دژایەتی خۆمان دژ بە چەسانەوەی مەسیحییەکان بە هەموو بیروباوەڕیان رادەگەیێنین کە بە بیانوی تۆلەرانس لە بەرانبەر ئایینی تردا ڕەچاو دەکرێ. ئێمە باوەڕمان بە بنەماکانی ئازادی و دێموکراسی هەیە کە لە قانونی ئەساسی ئاڵماندا هاتووە. ئێمە خۆمان زۆر بە جیددی لە جەریانگەلی توندی ڕاست و چەپ و ئەو هێڵانە جیادەکەینەوە. بنەماکانی سیاسی ئێمە هەروەها لە گەل محافزەکارەکان و بونیادگەرای مەسیحیش نزیکایەتی نییە و زۆر بە ڕوونی ئێمە لایەنگری رئال پۆلیتیکین بە پێی پێویستییەکانی سیاسی، بێ ئەوەی نوقم بین لە هێڵەکانی سیاسی رابووردودا.
بەرنامە وبنەماکانی سیاسی کۆنترین حزبی ئاڵمان زۆر لەوە زۆرترە کە لێرەدا باس کرا. ئەوان باس لە هەموو مەسەلەکانی ناو کۆمەڵگای ئاڵمان و جیهان دەکەن و ڕێگاچارەی خۆیان پێشنیار دەکەن. لێرەدا من بەشی ئەساسنامەی ئەو حزبە دەهێنمەوە کە باس لە ئەندامەتی و ئەرک و مافەکانی تاکە کەس لە حزبەکەیاندا دەکەن، هێنانی ئەو بەشە لە

کۆنترین حزبی ئاڵمان و حزبێک لە سەر بنەمای فکری و فەکسەفی ئایینی مەسیح و حزبێک کە ناڕاستەوخۆ دژایەتی لە گەڵ ئایینەکانی دیکەدا هەیە، بەڵام نۆرم و فۆرمەکانی ناو حزبەکەیان جیاوازیی بنەرەتی لە گەڵ سوسیال دێموکراتەکان و سەوزەکان و حزبەکانی دیکەدا نییە.

**شێوەی ئەندامەتی لەو حزبەدا:**
هەر خوازیارێکی ئەندامەتی دەبێ بە نووسراوە داوای ئەندامەتی ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی ئەیالەتەکەی خۆی بکات و کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی حزب ئاگادار بکرێتەوە.
**مەرجەکانی ئەندامەتی بریتین لە:**
قەبوڵکردنی بەرنامە و ئەساسنامەی حزبی ناوەند
قوبوڵکردنی بنەماکانی ئازادی و نەزمی دێموکراسی
بوونی 16 ساڵ تەمەن
بەشداری لە حزبە توندرەوەکانی ڕاست و چەپ و تێکەڵ بوون لە گەڵ کۆڕ و کۆمەڵی دژ بە ئایینی مەسیحی، ڕێگرن بۆ بوونە ئەندام لە حزبی ناوەند.
هەموو ئەو کەسانەی لە لایەن دادگاکانەوە مافی هاووڵاتی بوون یان هەڵبژاردنیان لێ ئەستێندراوەتەوە ناتوانن ببنە ئەندامی حزب.
هاوکات ئەندامی حزبێکی دیکە بوون ڕێگرە لە ئەندامبوون لە حزبی ناوەددا.
کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی ئەیالەتی بڕیار لە سەر بە ئەندام بوونی داواکاری ئەندامەتی لە حزبی ناوەندا دەدەن و ئاگاداری سکرتاریاتی گشتی دەکاتەوە. کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی حزب 14 ڕۆژ ماوەی هەیە بۆ وێتۆکردن یان ڕەدکردنەوەی داواکاری ئەندامەتی داواکار.
ئەگەر لە شوێنێک و لە ئەیالەتێک دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ئەیالەت بوونی نەبێ، کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی حزب بە داواکە ڕادەگا.
بەرگەی ناسنامە و ئەندامەتی لە لایان سکرتاریاتی ناوەندییەوە دەردەکرێ.
ئەندامەتی لەو ڕۆژەوە دەست پێدەکات کە کۆمیتەی ناوەندی حزب داواکە پەسەند بکات.
هۆی ڕەدکردنەوەی داوای ئەندامەتی داواکاری ئەندامەتی تەنیا دەبێ بە کەسی داواکار خۆی ڕابگەێیندرێ. ئەو کەسەش دەتوانێ دژایەتی خۆی سەبارەت بەو بڕیارە ڕاستەوخۆ بۆ کۆمیتەی ناوەندی حزب ڕابگێێنێت.

1- بەتاڵکردنەوەی مافی ئەندامەتی لە حزبی ناوەندا، بە نووسراوە و بە شێوەی شەخسی سەر دەگرێ. دەرکردن و خۆدوورخستنەوە و مەرگ دەبنە هۆی بەتاڵکردنەوەی ئەنداماتی.
2- لەگەڵ بەتاڵکردنەوەی مافی ئەندامەتی هەموو مافەکانی حزبی کۆتاییان پێ دەهێندرێ.
3- بەتاڵبوونەوەی ئەندامەتی بە هۆی پاشگەزبوونەوە، دەرکردن، کێشەی نێوان، بەڵگەنامە و ناسنامەی ئەندام بوون دەگەڕێندرێتەوە بۆ حزب. کەسی دەرچوو لە حزب، لە گەڵ کۆتایی پێهاتنی ئەندامەتی مافی داواکردنی سامانی حزب یان گەڕانەوەی پارەی ئەندامەتی نییە.
4- نەدانی پارەی ئەندامەتی سەرڕای ئاگادارکردنەوە و وەبیرهێنانەوە هەتا کۆتایی ساڵ دەبێتە هۆی بەتاڵکردنەوەی مافی ئەندامەتی.

**ئەرکەکانی ئەندام**
1- چاوەڕانی لە هەر ئەندامێک دەکرێ کە بە پێی ئەساسنامە بەشداری لە کاروباری حزبی و ئەرکەکاندا بکات و بە شێوەی ئاکتیف، چالاک بەشدار بێت.
2- هەرکەس ماف و ئەرکی ئەوەی لە سەرە کە بۆ پێشخستنی ئامانجەکانی حزبی ناوەندی ئاڵمان چالاک بێت و پشتگیری کاری تەبلیغاتی حزب و پێشبردنی ئامانجەکان بکات.
3- بەرپرسی یەکەمی حزب و بەرپرسی ماڵی و سکرێتێری گشتی و بەرپرسانی ئەیالەتەکان کە فشاری زۆری کاری حزبیان لە ئەستۆیە لە ئەرکی کاری تەبلیغاتی ئازاد دەکرێن، بەڵام دەبێ بە پێی ئیمکانات وێنەیەکی باش بن بۆ کاری حزبی.
4- هەرکەس دەبێ پارەی ئەندامەتی لە کاتی خۆیدا بدات، دەنا بۆ سێ مانگ لە مافی حزب بێ بەش دەکرێ.
5- هیچ ئەندامێکی حزب ئەو مافەی نییە کە بۆ کاری حزبی زیان بە بنەماڵەکەی بگەیێنێ.
لە بەشەکانی دیکەی ئەساسنامەی ئەو حزبەدا باس لە پارەی ئەندامەتی و پێشێل کردنی نەزمی حزبی و ڕوبەڕووبونەوە لە گەڵ مجازاتی حزبی بە وردی باس کراوە.

ئاگادار هەین کە دروستکردنی حزب و کۆڕوکۆمەڵ بە پێی قانوون مێسەر دەبێت و هەر حزبێک هەر بۆچوون و باوەڕێکی سیاسی و فەلسەفی و ئیدئۆلۆژیکی هەبێ دەبێ لە چوارچێوەی قانونی ئەساسی و قانوونی تایبەت بە حزب و کۆڕ وکۆمەڵ بجولێنەوە، هەر بۆیە ڕەنگە پەیرەو و ئەساسنامەی ئەو حزبانە وێچوویی زۆریان لە گەڵ یەکتردا هەبێ.

ئەوەش کە ئەو حزبانە لە وڵاتی ئاڵمان پێک هاتوون و ئەو وڵاتەش پێشینەی پڕلە کارەساتی حزبایەتی هەیە، سەختگیری یان بە وتەیەکی روشنتر هەموو شتێک بە پێی قانوون دیاری کراوە، هەر بۆیە لە ئەساسنامە وپەیڕەوی ناوخۆیی ئەو حزبانە زۆر لە وردەکارییەکان باسکراون و رێگای تەفسیر کردنەوەی لابەلا گیراوە یان کەمتر کراوەتەوە، هەر بۆیە حزبەکان تەنانەت ئەگەر حزبی راست یان چەپی زۆر توندڕۆش بن، و کاری توند وتیژیش بکەن بۆ وەرگرتنی ئیجازەی رەسمی و کەڵک لە قانوون وەرگرتن، دەبێ رەعایەتی وردەکارییەکانی قانوون بکەن بۆ ئەوە پێش لە توند و تیژی یان ژیاندنەوەی رەگەزپەرەستی بگیرێت.

هەر وەک لێرەشدا دەبیندرێ سیستمی تەشیکلاتی حزبەکان سەرەڕای جیاوازی تەواوی بیری سیاسی و فکری و ئیدئۆلۆژی و پرۆگرام و بەرنامەی سیاسی، لە یەک نزیکن ستروکتوری سەرەکی هەموویان یەکتر دەگرێتەوە.

بە پێچەوانە ئێمە دەبێ لای خۆمان باسی بارودوخی تەواو جیاوازی حزب لە وڵاتی خۆمان بکەین کە نە بە پێی قانوون دروست کراون، نە تابعی قانوونن، نە قانوون بە سەریانەوە هەیە. نە بە شیوەی ئازاد و قانوونیش مافی کارو تێکۆشانیان هەیە و پێ دەدرێ.




ئەوە دەبێ یەکەمین پلاکاتی حزبی ناوەند بێ، کە بانگەوازی دروستکردنی دەکات. لە سەری ئەم دروشمە نووسراوە بۆ راستی، ئازادی و ماف. کە رەنگە ئەوە یەکێک لە کۆنترین دروشمەکانی ئینسان بێت، کە چ لە حزبەکاندا چ لە هەموو ئایینەکانی تاکپەرستیدا دوبارە کراوەتەوە و رەنگە بۆ هەمیشە وەک هیوای ئینسان لە سەر گۆی زەوی بمێنێتەوە.




لەو پلاکاتەدا بانگەوازی ئەوە دەکەن و دەپرسن: کێ بەرگری لە بنەماڵە، نیشتمان و کار دەکات. خۆشیان وڵام دەدەنەوە  "ناوەند" واتە حزبی ناوەند.

خوێندنەوەی مێژووی حزبەکانی رۆژئاوا رەنگە بۆ ئەندامانی حزبەکان و سیاسەتمەدارانی ئێمە گەلێک سوودمەند بێ، بەڵام مەبەست لە باسکردنی مێژووی تەشکیلاتی ئەو حزبانەی بە شێوەیەکی کورت ئەوە نییە مێژووی ئەو حزبانە بە کوردی لێرەدا باس بکرێ، مەبەست نیشاندانی ئەو پرۆسەیە کە لە ئوروپا تێپەڕیوە و ئەو پرۆسە شکاوی کە لە وڵاتی ئێمە لە گۆڕێ دابووە. هەر لێرەو ئاورێک لە مێژوویی دروستکردنی حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەدینەوە و دەچینە ناو باسەکانی پەیویست بە حزبکانی رۆژهەڵاتی کوردستان.
بە کۆتایی پێهاتنی بەشی پێنجی ئەم زینجیرە وتارە، بەشی تایبەت بە جیهان و ئوروپا و ئاڵمان کۆتای پێ دێ و لە هەفتەی داهاتوڕا بەشەکانی تایبەت بە رێکخستن لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێدەکات.

**درێژەی  هەیە....**